# سەحاف رووی گۆبلز-ی سپی کردەوە!

**رزگار عەبدوڵڵا سەعید**

بەدەست خۆم نەبوو، لەم دوا رۆژانەی دەرکەوتنی محەمەد سەعید سەحاف-ی (کۆنە) وەزیری راگەیاندنی رژێم لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکانیدا کە سەری زمان و بنی زمانی (علوج) بوو، گۆبلز-ی وەزیری راگەیاندنی نازی-ی بەبیردەهێنامەوە، بێگومان مەبەستم لە شێوەی دەموچاویان نییە، چونکە من بە وێنەش گۆبلز-م نەدیووە.
هەر لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم کە زۆر کەس پێشتر هەوڵیان داوە سەدام حوسێنی (کۆنە) ئاغای سەحاف بە هیتلەر-ی کۆنە ئاغای گۆبلز بشوبهێنن.
بەڵام من ئەو کاتیش ئەو بەراوردەم پێ راست نەبوو و، ئێستاش دوای ئەو رووداوانەی لەم ساتانەی ئازادبوونی بەغدادا دەیانبینم سوورترم لەسەر ئەوەی کە بەراوردی نێوان سەحاف و گۆبلزیش هەر راست نییە و، بە تەواویش لە ناراستیی بەراوردی یەکەم دڵنیا بووم.
چونکە گۆبلز بەوە بەناوبانگە کە دەیگوت: درۆبکە، درۆبکە، سووربە لەسەر درۆیەکەت تا باوەڕت پێ بکەن، بەڵام علوج، ببوورن مەبەستم سەحاف ئێستا درۆیەکی دەکرد دوای دە دەقیقەی دیکە ناچار بوو درۆیەکەی خۆی بگۆڕێ و دۆریەکی دیکە بکا، جگە لەوەش، درۆیەکانی علوج ئەوەندە ناقۆڵا بوون تەنانەت خۆشی نەیدەتوانی باوەڕی پێ بکات، هەر بۆیەش بە نیمچە زەردەخەنەیەکەوە دەری دەبڕی پەیامنێرانی کەناڵەکانیش، کە سوور دەیانزانی درۆیە، ناچار ئەوانیش بە زەردەخەنەیەکەوە ئەو هەواڵانەیان دەگەیاندە بینەر و، بینەریش کە دەیزانی درۆیە بە زەردەخەنەیەکی دیکە وەری دەگرت. لە شانسی سەحاف هێزەکانیشیان ئەوەندە پەرپووت بوون نەیاندەتووانی بۆ چەند ساتێکیش رێگە لە سپی بوونەوەی درۆیەکەی وەزیری راگەیاندنیان بگرن و، ناچاریان دەکرد، بە درۆیەکی دیکە درۆ کۆنەکەی پینە بکات.
هیتلەریش هەرچەندە دیکتاتۆر و درندە و خوێنرێژیش بوو و سەدان هەزار خەڵکی بێتاوانی بە کوشت دا، بەڵام گەر دواساتەکانی ژیانی بخوێنینەوە، دەبینین خۆی و نزیکەکانی نەیانتوانی ئەو دۆڕانە قبووڵ بکەن و، بۆیەش خۆیان کوشت و، بەر لە کوشتنیشی هیتلەر داوای کرد لە ئاڵای ئەڵمانیای بپێچنەوە و لە خاکی ئەڵمانیا بینێژن، بەڵام سەدامی ئاغای سەحاف، ئەگەر چی کەس نازانێ ماوە یان نا یان لە چ کونێک خۆی حەشار داوە، بەڵام دڵنیام نەک خۆ کوشتن بەڵکو تەنانەت بیر لە ئاڵای عێراق و خاکی عێراقیش ناکاتەوە کە ٣٥ ساڵە نان و پیاز، ببوورن نان و هەنگوینی پێوە دەخوات و بەو بیانووانەوە چەندین ملیۆنی لە گەلەکەی کوشتووە و چەندین ملیۆنیشی ئاوارە و دەربەدەرکردووە.
بێگومان کەس چاوەڕوان نەبوو سەدامێک کە شەڕی دۆڕاوی عێراق-ئێرانی بە (قادسیة صدام) و رۆژی وەستانی شەڕەکەی بە (یوم النصر العظیم) و دوابەیانیی سەربازیی ئەو شەڕەش بە (بیان البیانات) ناونابوو و،ماڵوێرانیی شەڕی دووەمی کەنداوی بە (أم المعارك) ناوزەد کردبوو و دوای ئەو هەموو مەینەتی و ماڵوێرانییەی بەسەر گەلەکەی هێنا خۆی بە سەرکەوتوو دادەنا، هەڵوێستێکی وەک سەرکردەی عەرەب جەمال عەبدولناسر نیشان بدات و دەستکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێ و داوای لێبووردن لە گەلەکەی بکات، یان وەک سەرکردەی کورد قازی محەمەد دوای

سەرنەکەوتنی لە نێو گەلەکەیدا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی بکات، بەڵام نەک بەو شێوەیەش خۆی لەگەڵیشیدا زۆربەی زۆری بەرپرسە حکومی و حزبی و سەربازییەکانیشی و سوپا زەبەلاحەکەی و سوپای قودس و فیدرائینی سەدامیش بەشێوەیەک خۆیان شوێنبزر بکەن، کە مایەی سەرسوڕمانی هەموو دنیا بێت و، پرسیارێک کە لە هەموو لایەکەوە لەم رووەوە بکرێت ئەوەبێت: ئەوانە چییان لێ هات، چۆن وا بێ هیچ ئاسەوارێک تووانەوە؟!